# کوردە شیعەکان

هیوا گوڵ

گەلی کورد وەک نەتەوە خەباتی کردووە بۆ بەدەست هینانی مافە ڕەواکانی کە داگیر کراوە لەلایەن داگیر کەران و دوژمنانی کوردەوە کوردەکانی بە مەزهەب شیعەن لە هەمو جولانەوەکانی کورد دەوری باشیان هەبۆوە لە خەباتدا لە هەمو رۆیەکەوە هیچ کاتیک نەتەوەکەی خۆیان لەبیر نەکردووە هەرجەندە ژمارەی زۆری کوردە شیعەکان زیاتر لەناۆ عەرەبدا ژیاون بەڵام ئەوە هیچ کارێکی نەکردوتە سە رئەوەی بۆ ساتێکیش مەسەلە ی نەتەوایەتیان لە بیر کردبی بە هیچ شیوەیەکیش کەلتورۆ زمانی خۆیانیان لە دەست نەداوە ئەم کوردە مەزهەب شیعانە لە ئیراقدا بەتایبەتی لە بەغدا دەستی باڵایان هەبووە لە بەرەو پیش بردنی ئابۆری بەغدا وە گەشە کردنی ئەو شارە لە ڕۆی پیشکەوتندا بە پێی هەندی سەرژمێر نزیکەی یەک ملیون کوردی شیعە مەزهەب هەیە لە بەغدا .ئەم کوردانە لە لایەن  دەسەڵاتی عەرەبیەوە بە دوو چۆر چەوساونەتەوە یەکەم وەک ئەوەی کوردن دووەم وەک ئەوەی شیعە مەزهەبن ئەوە بۆ رژیمی سەدام لە سەرەتای وەرگرتنی دەسەڵات کەوتە کۆشتنی دەیان کەسۆ وونگردنی دەیان هەزار گەنج و ژن و منداڵ  وە تەرحیل کردنی هەزاران خیزان بە بیانوی (تەبەعیە )بۆ ئیران دەرکراون  وە ئیعدام کردنی هەزاران کەسیان بەبی گوناە وە دەست بەسەرا گرتنی هەمۆ ماڵ و مۆڵکیان  ئەوە بۆ ئەم کوردانە ئیرانیش هیچێ بۆیان نەکرد ئەو چەند ساڵەی لە ئیران بۆن  وەک کورد هەڵسۆ کەوت  بەرامبەریان دەکرا.. وە کوردە شیعەکان لە شارە گەورەکانی تری ئیراقدا بڵاۆ بونەتەوە وەک کەرکووک خانەقین و شوینەکانی تری کوردستان و ئیراق ..ئەوەی مەترسی لیدەکریت لە ئازادی ئیراقەوە ئەحزابی کوردی نەیانتوانیوە وەک پیۆیست کار بۆ کۆکردنەوەو جێ بەجێ کردنی هەندی لە  داخوازیەکانیان بکەن و کۆ کردنەوەیان لە ناۆ لیستی هەلبژاردنی کوردا ئەوە بۆ هەندی لەو کوردانە  چۆنە پاڵ لیستی عەرەبەکان و ئەوانیش راست گۆ نەبوون لە گەڵیاندا ئەمەش هەر هۆکارەکەش ئەوە بۆ عەرەبەکان وەک کورد حیسابیان بۆیان کرد  دوبارە زوڵمیکی سیاسی و نەتەوەی و مەزهەبیان لیکرا لە ئیراقدا ..

لیرەوە خاڵیکی خەتەرناک دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە دژەکانی کورد دەتوانن لەم خاڵدا سۆد وەرگرن ئەگەر کورد نەکەویتە خۆی تێکدانی ڕیزەکانی کورد وەک مەزهەب  ئاین  دیتە ئاراوە  ئاشکرایە کورد شیعەو  سنە  وە مەسیحی  یەزیدی  جۆلەکە  سوبی  زەرادەشتی یە ئەم هەمۆ تیکەڵاویە دەبی کورد وەک نەتەوە بیپارێزی.. تا ئەمرۆ ئیمە کیشەی نەتەوایەتیمان هەیە نەک کیشەی ئاینی و مەزهەبی  کورد دەیان هەزار ساڵ زیاترە مێژووەکەی بەڵام ئیسلام هەزارۆ پینج سەد ساڵە پەیدا بووە ئەگەر کورد نەگەریتەوە بۆ مەسەلە نەتەوایەتیەکە ئەوە پاشە رۆژی باش نابی ئەمەش ئەرکی ڕۆشنبیرانە زیاتر ..بۆیە هەرکات باسیک کرا یانوسینیک بڵاۆ کرایەوە لەسەر شیعە دەبی بووتری شیعەی عەرەب  .لە بیریشمان نەچیت کوردی شیعە زورترین ژمارەیان لە تورکیا  ئیران  هەیە ..(هیوا))